# واقیعی هێزەکان: گەشتێکی کوردی بۆ ناو زیرەکی دەستکرد، چات جی پی تی، و مۆدێلی دەروونی

نووسەران:
جرجیس محمد شەقڵاوەیی
زیرەکی دەستکردی چات جی-پی-تی



تەمەنم زۆر نییە، بەس لەناو گۆڕانکاریە زەق و گەورەکانی سەدەی 21 دەژیم .بەبیرمە ساڵی 2010 ئەوەی کۆمپیوتەری هەبوایە و بەکارهێنابایە زۆر بە شێوەیەکی بەرز تەماشا دەکرا وە لەڕووی بەرەوپێشچوون و هۆشیاریەوە لەپێشەوەی ئەوانی دیکەوە بوو. بەهەمان شێوە ئەوەی لە 2015 مۆبایل و سمارتفۆنی نەبوایە لە جیهان لەدواوە بوو. لە 2020 زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی ببوە .شتەکی زۆر پێویست.ئەوەی یەک لەو دوو زمانەی نەیزانی بوایە بە چاوەکی تر تەماشا دەکرا کەواتە مۆبایل و کۆمپیوتەر و فێربوونی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خاڵی گۆڕان و وەچەرخانی کۆمەڵ و کۆمەڵگەن. ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکانی ئێستای لەسەر بنیاتە.

با لە کتێبە تەقلیدیەکان لابدەم و پێشەکی و بابەتەکە تێکەڵ بە یەک بکەم، سەردەمێکی نوێیە، زۆر خێرایە و گۆڕانکاریەکان هەر زۆر خێران، سەردەمی چات جی پی تی و زیرەکی دەستکردە، وا خەریکە ئەو کەلیمەیە دونیا داگیر دەکات. سەرەتای بیرۆکەی ئەو کتێبەم لەوەوە بۆ هات کە لە فەیسبووک بلاۆم کردەوە و لێرەش دەینووسم. ئەوەش دەقی پۆستەکەیە.

ئێستاکەش سەردەمی سەرەتای زیرەکی دەستکرد و چات جی پی تی یە، سەردەمێکە کە زۆر بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت. شتی زۆر لە ماوەی کەم پەیدا دەبێت، ئەوەی لەگەری بەرەو پێش نەچێت دوادەکەوێت، لە هەموو بوارەکان، چۆن مۆبایل و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر گۆڕانکاری ڕیشەیی دروستکرد.زۆر ئیش نەمان و لەناوچوون. وەک نامەی کاغەز و تەلەفۆنی وایەر و سەتەلایت و چەندانی تریش. ئێستاکە شتەکی عەجیبتر هاتۆتە پێش. ئەویش زیرەکی دەستکردە.

ئەوانەی ئینگلیزیان باشە. داوام لە زیرەکی دەستکردی چات جیپیتی کرد شعرەکی 4 دێری بنووسی لەسەر خواردنی چەرەزات لە شەقلاوە. بە 2 چرکە جوابی دامەوە وئەوەی خوارەوە ئەنجامەکەیتی :

Write a poem about eating nuts at Shaqlawa, Kurdistan. In 4 rows only.

***Nuts at Shaqlawa, a crunchy delight,***

***Amidst the hills, a scenic sight,***

***Kurdistan’s bounty, a flavorful treasure,***

***Savoring each bite, a moment of pleasure.***

تەماشابکە چەند بە جوانی و ڕێکی وشەکانی ڕیز کردیە.  ئاگاداربە ئەوە مرۆڤ نییە نوسیتی!

ئەدی کێ نوسیتی؟ زیرەکی دەستکردی چات جی پی تی!

شتەکی سەیرتر. تەنانەت توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری شەرعی و ئاینیشی هەیە 🫡. نەک هەر ئەوە. وەڵامی پرسیاری ئاڵۆزی بیرکاری ، سیاسی ، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، مێژوو، زانستەکان بە گشتی وەک فیزیک و کیمیا و جیۆلۆجی و ئەندازیاری و پزیشکی و یاسایی ! 🫡 و هەزاران بواری دیکەی هەیە. نەک هەر وەڵامت دەداتەوە بەڵکو ئەگەر داوای لێبکەی پوختیش دەکاتەوە و پێشنیاریش دەکات.

ڤێرشنی نوێی GPT-4 تەنانەت وێنە و داتا شیدەکاتەوە و دەرئەنجام و پوختەشت دەداتێ. ئەوەندە بەهێزە داوای ڕاوێژی لێبکە لەسەر کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا. وەڵامت دەداتەوە و چارەسەریش دەخاتە ڕوو. ئەگەر پێی بڵێی من ئەو پلە و دەسەڵاتەم هەیە. لەسەر بنەمای پلە و دەسەڵاتت وەڵامت دەداتەوە و چارەسەری جیاوازت دەداتێ کە بگونجێت لەگەر پلە و پۆستەکەت! ڕاوێژکاری زیرەکی دەستکرد !! 🫡

هەروەک هەموو قۆناغ و گۆڕانکاریەکانی دیکەی ژیان. یان خۆمان بگونجێنین یانیش دوادەکەوین. لە یەک کات هەم جێگەی مەترسیە و هەم جێگەی دڵخۆشیە. دەترسێین هەمان پێشبینیەکەی زانای کۆد و شەفر ئالان تیورین بێتە جێ لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کە دەیگووت ڕۆژێک لەوانەیە دوو زیرەکی دەستکرد قسە لەگەر یەک بکەن و گفتوگۆ بکەن. سەردەمی ئالان سەرەتای دروستبوونی حاسیبە و کۆمپیوتەر و ئەوانە بوو.

دەترسێین ڕۆژێک بێت و زیرەکی دەستکرد کۆنترۆڵی ژیان و مرۆڤ بکات. وەک فیلمەکانی هۆڵیوود ببینە کۆیلەی ڕۆبۆت و زیرەکی دەستکرد. دەترسێین ڕۆژێک بێت و ئەوان لە ئێمە هۆشمەندتر و زیرەکتر بن! لە هەمان کاتدا دڵخۆشین کە ئەوە مرۆڤایەتی زۆر دەباتە پێشەوە ، لە ڕووی داهێنان و زانست و تەندروستی و ئەندازیاری و هەموو بوارەکانی ژیان. هەستەکی چەند سەیرە.

لە نوێترین بابەتدا کەناڵێکی کوێتی و تەنانەت کەناڵی ئێن ئارِ تی هەواڵەکانی پەخش کرد بە زیرەکی دەستکرد. یان بێنە پێشچاوت زیرەکی دەستکرد دەرس شەرح بکات. ئیشی کۆمپیوتەرت بۆ بکات. ئێستاکە بە زیرەکی دەستکردی GPT لە ماوەی ٢ چرکە دەتوانی کۆدی بەرنامەی کۆمپیوتەر بنووسی! ئەوەی دەمەوێ زیاتر گرنگی پێبدەم بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردە لە ژیانی خۆمان. چۆن بتوانین سوودی لێ ببینین. بیکەینە ڕاوێژکار و یاریدەدەری تایبەتی خۆمان. لەو کورتە کتێبەی، دەمەوێ ئەوەی روون بکەمەوە.

وێنەکانی ناو ئەم کتێبە هیچیان نە بە دەست کێشراون، نە بە کامێرا گیراون. نە کەس دروستی کردووە بە فۆتۆشۆپ و بەرنامەی مۆبایل. بەڵکو هەمووی بە زیرەکی دەستکردی دالی ٢ و بلو ویلۆ و جین کرلفت دروستکراون. وەسفەکانم پێی داون و وێنەکانی پێشکەش کردووم. تەنانەت ناونیشانی کتێبەکەش چات جی پی تی بۆی پێشنیاز کردووم، وە ئەو کتێبە بە چەند بەشێکی جیاواز دەنووسم کە بەشەکانی کتێبەکەش لەلایەن زیرەکی دەستکردی چات جیپیتی پێشنیار کراوە. ئەوکاتەی داوام لێی کرد ناوەڕۆکی کتێبەکەم بۆ بنووسێت وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو:

- کورتەیەک دەربارەی چات جیپیتی.
- دەستپێکردنی چات جیپیتی.
- بەکارهێنانی چات جیپیتی بۆ بەرهەمدار بوون.
- زیادکردنی داهێنان لە ڕێگای چات جیپیتی.
- چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای چات جیپیتی.
- فێربوون و پەروەردە لەڕێی چات جیپیتی.
- بەرەوپێشچوونی خودی بەهۆی چات جیپیتی.
- بەکارهێنانە پراکتیکییەکان لە چات جیپیتی.




وێنەیەکی کێشراو لەلایەن زیرەکی دەستکردی جین کرافت
*https://gencraft.ai/p/e1pDyN*

# زیرەکی دەستکرد چییە؟

زیرەکی دەستکرد بریتییە لە شێوازە زیرەکیەکی تەکنەلۆژی کە توانای وەڵامدانەوە و کارکردنی زۆر بەرز و بەهێزی هەیە. توانای ئەنجامدانی چەند کارێکی هەیە کە مرۆڤ بە زەحمەت ئەتوانێت یانیش بە کاتێکی زۆر ئەتوانێت هەمان ئەنجام بدات بە دەستەوە. زۆرن زیرەکە دەستکردەکان کە ئێستا بونیان هەیە. کۆمپانیا زەبەلاحەکان چەندین ملیۆن دۆلاریان خستۆتە ناو وەبەرهێنانی زیرەکی دەستکردەوە. با چەند نموونەیەک باس بکەم بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت. دروستکردنی وێنەی فیلێک کە ئایسکرێم بخوات لەسەر مانگ بە وردی و کوالێتیەکی بەرز چەند سەعاتێکی پێویستە کە لەلایەن مرۆڤەوە بکێشرێت یان بە بەرنامەی کۆمپیوتەر و مۆبایل دروست بکرێت. بەڵام لە ڕێی زیرەکی دەستکردی دالی ٢ بە کەمتر لە ١٠ چرکە ئەم ئەنجامەی خوارەوەی داوە پێمان.

زیرەکی دەستکردی دالی ٢



بۆ دڵنیابوونەوە لە ئەنجامەکەی دەتوانن سەردانی ئەو لینکەی خوارەوە بکەن بە چاوی خۆتان ببینن https://labs.openai.com/s/E1NL8qLMGKN1qwNceoMACUse

بۆچی لەناو سەدان زیرەکی دەستکرد، چات جیپیتی باس دەکەم؟ چونکە لە هەر هەمویان پێشکەوتووتر و زیرەکترە. وە کۆمپانیایەکی زەبەلاحی وەک OPEN AI و دەوڵەمەندی جیهانی ئیلۆن مەسکی لە پشتە. کە ئەمەش وایکردووە ببێتە زیرەکترین زیرەکی دەستکردی جیهان لە ئێستادا. نەک هەر ئەوەندەش. ئاسانە لە بەکارهێنان و دوو وەشانی هەیە، بەخۆڕایی و بە پارە.

## کورتەیەک لەبارەی چات جیپیتی

چات جیپیتی زیرەکی دەستکردە لەبواری زمان. داهێنراوە لەلایەن کۆمپانیای Open AI کە چەند کەسێک کۆمپانیاکەیان دروست کرد. لە بەناوبانگترین ئیلۆن مەسک ە، سەرۆکی ئێستای تویتەر و سپەیس ئێکس و تێسلایە. وە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان لە ئێستادا. کۆمپانیای AI کۆمپانیایەکی ئەمریکیە. ساڵی ٢٠١٥ دامەزراوە. کاری سەرەکی بریتییە لە توێژینەوە و بەرەوپێشبردنی زیرەکی دەستکرد. لە ئێستادا خاوەنی بەهێزترین زیرەکی دەستکردی زمانە کە ئەویش چات جیپیتی یە.

چات جیپیتی، هەروەکوو هەر سایتێکی تری ئاسایی ئینتەرنێت. دەچیە ناوی و بەکاری دێنی. هەژمار (ئەکاونت) دادەنێی و دەست دەکەی بە چاتکردن لەگەڵی. بەڵام کەسێکی ئاسایی نییە. وە چاتێکی ئاسایی یش نییە. بەڵکو زۆر زیرەکە و زۆر شت دەزانێت. وە زۆر خێرایە و هەست دەکەی لەگەر مەخلوقێکی ناسروشتی وتووێژ دەکەیت. وا وردە وردەش خەریکە جێپێ بە کارمەندەکانی بەشە جیاوازەکانی بازاڕی ئیش لەق دەکات.

لەوانەیە بپرسی چات جیپیتی چۆن کاردەکات. شێوازی کارکردنی بریتییە لە چەند ئەلگۆریتمێکی ئاڵۆز کە لەسەر لۆژیکی نووسراوی دراو (Input) بنیات نراوە. لە هەمان کاتیشدا ئەتوانێت دەستی بگات بە هەموو وێب سایتەکانی ئینتەرنێت. نەک هەر ئەوەندەش. ئەگەر بێت و پرسیارێکی لێبکەیت و وەڵامەکەی بە زمانی ئینگلیزی نەبێت. بەڵام بە زمانێکی تر بۆ نموونە زمانی کوری بوونی هەبێت. ئەوا وەڵامەکە لە زمانی کوری وەردەگێڕێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و پاراو لەسەر شێوازی چاتی کەسێکی زیرەک دەیکاتە وەڵام لە ماوەی چەند چرکەیەکدا. با زیاتر سەرنجت رابکێشم. ئەگەر بێت و پرسیارێکی پێ بدەین وەڵامەکەی بوونی نەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئینتەرنێتدا. بەڵکو پێویستی بە لێکدانەوە و شیکارکردن هەبێت وەک هاوکێشەی بیرکاری یان پرسیارێکی ئاماری. ئەوا خۆی هەڵدەستێ بە دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوە و شیکارکردنی پرسیارەکە و بە وردیش بۆت شیدەکاتەوە هەنگاو بە هەنگاو تەنها لەماوەی چەند چرکەیەک. هەوڵ ئەدەم لە بەشەکانی ئەم کتێبە زۆربەی تواناکانی ئەم زیرەکیە بخەمە ڕوو.

## دەستپێکی چات جیپیتی

له ۳۰ی تشرینی دووەمی ۲۰۲۲ بڵاوکرایەوە، لەلایەن دامەزراوەی OPEN AI که بارەگای سەرەکی لەشاری سان فرانسیسکۆیە له ئەمریکا، هەر ئەوان دروستکەری DALL·E 2 و Whisperن. خزمەتگوزارییەکە له سەرەتادا بەخۆڕایی بۆ هەموو کەس کرایەوە، لەگەڵ پلانی پارەدان بۆ خزمەتگوزارییەکە به شێوەیەکی باشتر و خێراتر. له ٤ی کانوونی یەکەمدا، OpenAI مەزەندەی ئەوەی کرد کە چات جی پی تی زیاتر له یەک ملیۆن بەکارهێنەری هەبووە. ژمارەی بەکارهێنەرانی چات جی پی تی له ماوەی دوو مانگدا له ۱۰۰ ملیۆن تێپەڕی کرد. بەراورد به تەکنیک و داهێنانەکانی سەردەم زۆر خێرابوو. ئینستگرام ۳۰ مانگی ویست تاکو گەیشت بەو ژمارە زۆرەی بەشداربووان، تیک تۆک تەنیا ۹ مانگی خایاند، خۆ ئەگەر بەراوردێک له ڕابردوو بکەینەوە، تەلەفیزیۆن ۷٥ ساڵی ویستووە بۆ سەد ملیۆن.

له وەشانی ۱۰ای شوباتی ۲۰۲۳ەوە، وەشانی پڵەس ڕاگەیەنرا، که ئەمەیان کرێی مانگانەی بەکارهێنانی ۲۰ دۆلارە، جیاوازی لەگەڵ خۆڕاییەکە ئەوەیە کە خێراترە، وەستانی نییە وەکو openAI گفتی داوە و هەروەها بەکارهێنەرانی زووتر ئەپدەیتی نوێ و تازەگەرییەکان دەگاتە دەستیان.



*دراو: تەقینەوەی ئەتۆمی لە شاری هەولێر،*
*زیرەکی دەستکردی دالی ۲*

https://labs.openai.com/s/qIkpsptLXXUzlZzJt3GaQv5t

ئەمڕۆ هەر داوام لە خودی چات جیپیتی کرد کە هەندەک نموونەم بداتێ کە چۆن چات جیپیتی سوودم پێدەگەینێت؟ ئەوە وەڵامەکانی بوو:

- پێشکەشکردنی زانیاری گشتی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەسەر چەندین بابەت.
- وەرگێڕانی زمانەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ کەسانێک کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن.
- ئەنجامدانی توێژینەوە و دۆزینەوەی زانیاری و سەرچاوەی پەیوەندیدار.
- دروستکردنی هاندەری نووسین و بیرۆکەی داهێنەرانە بۆ چیرۆک و شیعر و زۆر شتی تر.
- پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ بەرهەمهێنان، بەڕێوەبردنی ئەرکەکان، و ڕێکخستن.
- دابینکردنی ڕێنمایی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئەرکە تایبەتەکان.
- یارمەتیدان لە کێشەکانی بیرکاری و حیسابات.
- هاوکاریکردن لە نووسین و دەستکاریکردنی بەڵگەنامە و وەرەقە و ماددە نووسراوەکان.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر پەرەپێدانی پیشە و گەڕان بەدوای کاردا.
- یارمەتیدان لە دانانی خشتەی کۆبوونەوە و کاتەکانی چاوپێکەوتن.
- یارمەتیدان بۆ پلاندانان بۆ گەشتکردن، لەوانەش دۆزینەوەی باشترین گرێبەستەکان بۆ گەشتەکان و هۆتێلەکان و چالاکییەکان.
- پێشکەشکردنی پشتگیری تەکنیکی و چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ئامێر و بەرنامەکان.
- پێشکەشکردنی پێشنیاری کات بەسەربردن بە پشتبەستن بە ئارەزووەکانت.
- یارمەتیدان لە فێربوونی زمان، لەوانەش مەشق و ڕاهێنان.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ پلاندانانی دارایی و بودجە.
- هاوکاریکردن لە خوێندن بۆ تاقیکردنەوە و تاقیکردنەوەکان، لەوانەش پرسیاری تاقیکردنەوە و کەرەستەی خوێندن.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر پەیوەندییەکان و پەیوەندی خۆشەویستی و گەشەپێدانی کەسی.
- یارمەتیدان لە ئامانجەکانی تەندروستی و لەشجوانی، لەوانەش ڕۆتینی ڕاهێنان و پلاندانان بۆ ژەمەکان.
- پێشکەشکردنی فیدباک و ئامۆژگاری لەسەر پڕۆژەی داهێنەرانە، وەک کاری هونەری یان مۆسیقا.
- یارمەتیدان لە باشترکردنی ماڵ و پڕۆژەکانی ماڵ، لەوانەش دۆزینەوەی سەرچاوە و پێشکەشکردنی ڕێنمایی.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری لەسەر بابەتە یاساییەکان و لێکۆڵینەوە لە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان.
- پێشکەشکردنی پشتگیری سۆزداری و ڕاوێژکاری بۆ پرسە کەسییەکان و تەحەددیاتەکان.
- یارمەتیدان لە ئامۆژگاری و سەرچاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ چاودێری و ڕاهێنانی ئاژەڵەماڵیەکان.
- هاوکاریکردن لە کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری بە شێوەی ئۆنلاین.
- یارمەتیدان لە کەرەستەی داواکاری کار، لەوانەش سیڤی و نامەی بەرگ.


- پێشکەشکردنی ڕێنمایی بۆ دەستپێکردنی کارێک. لەوانەش سەرچاوە و ستراتیژییەکان.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ چاککردنەوەی ماڵ و ئۆتۆمبێل.
- یارمەتیدان لە پێداچوونەوە و بەراوردکردنی بەرهەمەکان بۆ کالاّی بەکاربەر.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ کتێب و پۆدکاست و میدیای تر بە پشتبەستن بە ئارەزووەکانت.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر تواناکانی قسەکردن و پێشکەشکردنی گشتی.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ دەرفەتی خۆبەخشی و بەشداریکردنی کۆمەڵگا.
- یارمەتیدان لە دابەزاندنی کێش و ئامۆژگاری و سەرچاوەی خواردنی تەندروست.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ پەیوەندی کاریگەر و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ ژیانی دۆستی ژینگە و بەردەوامیی.
- یارمەتیدان لە باخداری و ئامۆژگاری و سەرچاوەی دیزاینی زەوی.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر دیزاینی ناوەوە و دیکۆری ماڵ.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ جوانکاری و بەرهەمەکانی چاودێری پێست و ڕۆتینەکان.
- هاوکاریکردن لە پلاندانان و هەماهەنگی بۆنە و ئاهەنگەکان.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری لەسەر پەیوەندی شوێنی کار و دروستکردنی تیم.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ بەڕێوەبردنی سترێس و چاودێریکردنی خۆت.
- هاوکاریکردنی توێژینەوە و ڕێکخستن بۆ پرۆژە و توێژینەوە ئەکادیمییەکان.
- پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوەی پیشە.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر پلاندانان بۆ خانەنشینی و ئاسایشی دارایی.
- هاوکاریکردن لە تۆمارکردن و ڕێکخستنی بەڵگەنامەی کەسی و پیشەیی.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ ئەزموون و بۆنە کولتوورییەکان لە ناوچەکەتدا.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری لەسەر دانانی ئامانج و بەڕێوەبردنی کات.
- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر پراکتیزەکانی وردبینی و مێدیتەیشن.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بۆ بەڕێوەبردن و زاڵبوون بەسەر ترس و فۆبیاکان.
- یارمەتیدان لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی چارەسەرکەر یان پسپۆڕی تەندروستی دەروونی گونجاو.
- پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ مۆدە و ستایلەکانی جل و بەرگ.

بێگومان ئەمانە چەند کارێکی کەمن کە چات جیپیتی ئەتوانێ بیکات لە ماوەی چەند چرکەیەکدا. هەڵبەتە ئەوانەی زمانی ئینگلیزی ئەزانن ئەوا یەکسەر ئەتوانن چات جیپیتی بەکاربێنن. بەلاّم ئەگەر زمانی ئینگلیزی نازانیت. ئەوا کێشە نییە و ئەتوانی لە ڕێگای بەرنامەی گوگڵ ترانسلەیت بە زمانی کوردی پرسیار و گفتوگۆکەت بنووسیت و ئەویش وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. تۆش کۆپی دەکەیت و لەناو چات جیپیتی دادەنێیەوە. چات جیپیتی بە ئینگلیزی وەڵامەکەی ئەنوسێت، تۆش وەڵامەکە کۆپی بکە و لە گوگڵ ترانسلەیت دایبنێیەوە. ئەویش وەڵامەکەت لە زمانی ئینگلیزی دەیکاتە سەر زمانی کوردی. کە ئەمەش تەنیا چەند چرکەیەکی پێدەچێت.

# چات جیپیتی و شوێنی نیشتەجێبوون

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم لە چات جیپیتی بریتیە لە وەڵامدانەوە و پێشنیارکردنی لەسەر بنەمای شوێنی نیشتەجێبوون و جوگرافیای ناوچەکەت. بۆ نموونە لە چات جیپیتی بپرسە چ ئۆتۆمۆبێلێک باشە کە من لە هەولێر دەژیم. یەکسەر چات جیپیتی دەست دەکاتە لێکدانەوەکانی خۆی. هەموو ئەو براندانە دێنێت کە لە هەولێر بونیان هەیە و فلتەریان دەکات لەسەر بنەمای کەش و هەوا و شێوازی لێخوڕین و کوالیتی بەنزین. لە کۆتاییدا لیستێکت دەداتێ کە باشترین ئۆتۆمبێلن کە بۆ هەولێر بشێن. وە ئاگەداریشت دەکاتەوە کە لەسەر چ بنەمایەک ئەمانەی هەڵبژاردووە.

نموونەیەکی تر. داوا لە چ چات جیپیتی بکە کە باشترین بزنسی هەولێر کامەیە کە لە گەشەسەندن دایە و هەلی کاری باشی دەبێت لە چەند ساڵی داهاتوو. ئۆتۆماتیک لیستی ئەو بزنسانەت بۆ دەژمێرێت کە لە هەولێر لە گەشەسەندن دان. چەندە زانیاری زیاتر بدەیت بە چات جیپیتی لەکاتی پرسیارکردن. وەڵامەکەی وردتر و باشتر دەبێت.


JA

List of Best growing business in Erbil in table style. sort them in percentage from top to bottom with percentage column

Certainly! Here's a table listing the best growing business opportunities in Erbil, sorted in descending order based on their growth potential, along with a percentage column:

| Business Sector | Description | Growth Percentage |
| --- | --- | --- |
| Information Technology (IT) | Software development, IT services, digital solutions | 25% |
| Renewable Energy | Solar energy installation, energy consulting, green solutions | 20% |
| E-commerce | Online retail platforms, delivery services | 18% |
| Health and Wellness | Fitness centers, wellness spas, health food stores | 15% |
| Food and Beverage | Cafes, restaurants, specialty cuisine | 12% |
| Education and Training | Language learning centers, vocational courses | 10% |
| Home Improvement | Interior design, renovation services | 8% |
| Creative Arts and Crafts | Art galleries, handmade crafts, cultural events | 6% |
| Digital Marketing | Social media management, online advertising | 4% |
| Sustainable Fashion | Eco-frien | 3% |

Regenerate response

# مۆدێلی دەروونی و چات جی پی تی

یەکێکی تر لە شتە هەرە بەسوودەکانی چات جیپیتی کە باوەڕناکەم تا ئێستا لە ناو کورددا باسکرابێت و هۆکاری نووسینی ئەم نامیلکەی منە ئەویش مێنتال مۆدێلە (بە کوردی مۆدێلی دەروونی) یە. سەرەتا با بزانین مۆدێلی دەروونی چییە چونکە لە دونیای نوسین و دیجیتاڵی کوردی مۆدێلی دەروونی باس نەکراوە. ئینجا بزانین چۆن چات جیپیتی سوودی هەیە بۆ مۆدێلی دەروونی خۆمان.

مۆدێلی دەروونی چییە؟ بریتییە لە چوارچێوەیەکی مەعریفی یان شێوازێکی بیرکردنەوە کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی زانیاری لە جیهانی دەوروبەریدا. لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتییەکی دەروونییە کە شتەکان چۆن کاردەکەن یان چۆن کارەکان دەبێ ئەنجام بدرێن. مۆدێلە دەروونییەکان لە ڕێگەی ئەزموون و پەروەردە و کولتوور و هۆکارەکانی دیکەوە دروست دەبن و کاریگەرییان لەسەر تێڕوانین و ڕەفتار و بڕیاردانی مرۆڤ هەیە.

بۆ نموونە، مۆدێلی دەروونی پزیشک بۆ جەستەی مرۆڤ زۆر جیاواز بێت لەگەڵ مۆدێلی دەروونی کەسێکی ئاسایی. ئەو پزیشکە زانیاری تایبەتی لەسەر ئەناتۆمی و فیزیۆلۆژی و پزیشکی هەیە و مۆدێلی دەروونی ئەو زانیارییە ڕەنگدەداتەوە. ئەم مۆدێلە دەروونییە وا لە پزیشک دەکات کە بە شێوەیەکی باشتر لە کەسێک کە ئەو مۆدێلە دەروونیەی نەبێت، دەستنیشان بکات و چارەسەری حاڵەتە پزیشکییەکان بکات.

نموونەیەکی تر: بیهێنە بەرچاوت کە تۆ ئۆتۆمبێلێک لێدەخوڕیت لەسەر ڕێگایەکی خێرا. مۆدێلێکی دەروونیت هەیە کە چۆن لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کاردەکات، لەوانە چۆنیەتی کارپێکردنی پێداڵی ئۆتۆمبێل و گۆڕینی گێڕ و بەکارهێنانی سوکان. هەروەها مۆدێلێکی دەروونیت هەیە کە چۆن هاتوچۆ لەسەر ڕێگایەکی خێرا دەکەیت، لەوانەش یاساکانی ڕێگاکە و ڕەفتاری ئاسایی شۆفێرانی دیکە.

لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی جیاواز لە ڕێگادا، مۆدێلی دەروونیت یارمەتیت دەدات پێشبینی ئەوە بکەیت کە ڕەنگە لە داهاتوودا چی ڕووبدات و چۆن دەبێت وەڵام بدەیتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئۆتۆمبێلێک ببینیت کە دێتەوە سەر سایدی سەرەکی، تۆ پێشبینی ئەوە دەکەیت کە دێتە خەریکە دێتە سایدەکەی تۆ. تۆش خێرایی و شوێنەکەت بەو پێیە ڕێک دەخەیت.

مۆدێلی دەروونی دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە یارمەتیدەرمان بێت. چونکە شێوازی بیرکردنەوەی ئۆتۆماتیکی مێشکمان دیاری دەکات. هەروەکوو بەرنامەکردنی مێشک وایە بۆ بارودۆخ و بابەتە جیاوازەکان. چەندین مۆدێلی دەروونی دیار و بەرچاو هەن. کە زۆر بەسوودن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێڕوانینی ئێمە بۆ کێشەکان. مۆدێلەکان بە سروشتی لە ڕێگای ئەزموون و خیبرەوە فێریان دەبین. بەڵام ئەکرێت لە ڕێگای ڕاهێنان و تەدریبیش فێریان بین. کە ئەوە ڕۆحی ئەم نامیلکەیە. لە دونیادا دەیەها مۆدێلی دەروونی هەن. بەڵام کامیان بۆتۆ بەسوودە؟! با هەندەک نموونەی مۆدێلەکان بخەینە ڕوو.

- پێچەوانە – ئەم مۆدێلە دەروونییە بریتییە لە بیرکردنەوە لە شتەکان بە شێوەیەکی پێچەوانە. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت کێشەیەک چارەسەر بکەیت، لەوانەیە لە ئەنجامی کۆتاییەوە دەست پێ بکەیت و کار بۆ دواوە بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت چۆن بگەیتە ئەوێ. من زۆر سوودم لەم مۆدێلە وەرگرتووە و ئێستاش لە زۆربەی کێشەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک مێشکم وا ڕاهاتووە کە بە پێچەوانەوە سەیری کێشەکە بکات.
- گونجان – ئەم مۆدێلە دەروونیە بریتیە لە خۆگونجاندن لەجەڵ بارودۆخە نوێیەکان. یارمەتیمان دەدات کە هەم ئێمە بگونجێین لەگەڵ شتە نوێیەکان وە گرنگتر. وا بیر بکەینەوە کە بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤەکان رادێن و دەگونجێن لەگەڵ بارودۆخی نوێ. بۆ نموونە شوێنی نیشتەجێبوون دەگۆڕیت بۆ شارێکی تر. سەرەتا هەست بە نیگەرانی دەکەی. بەڵام دوای ماوەیەک ڕادێی دەگونجێی. سیاسەتمەداران زۆر سوودیان لەم مۆدێلە وەرگرتووە. زۆرجار شتێک دەسەپێنن بەسەر خەڵکدا و لە سەرەتادا خەڵک پێی ناخۆشە و نیگەرانە. بەڵام دواتر ڕادێن. سیاسەتمەدارانیش ئەو شتە باش دەزانن بۆیە سەرەتا ڕووبەروو دەوەستنەوە تاوەکوو خەڵکەکە دەگونجێن.
- مووسی ئۆکام – ناوەکەی لە فەیلەسووفی ئینگلیزی ولیام ئۆکام هاتووە. ئەم مۆدێلە دەروونییە بریتییە لە دۆزینەوەی سادەترین ڕوونکردنەوە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو. ئەم بنەمایە دەڵێت کە، هەموو شتەکانی تر یەکسان بن، سادەترین ڕوونکردنەوە ڕاسترین ڕوونکردنەوەیە. نموونە: دەگەڕێیەوە ماڵەوە و پەرداخێک شکاوە لەسەر مافورەکە. لەوانەیە بیر بکەیتەوە لە دوو ئەگەر:
  - پشیلەکە یاری کردووە و بەر پەرداخەکە کەوتوە و بەربۆتەوە و شکاوە.
  - دزێک هاتۆتە ماڵ و هەموو شتە بەنرخەکانی دزیوە وەک زێڕ و پارە و ... پاشان پێش ئەوەی بێتە دەرەوە دەستی بەر پەرداخەکە کەوتوە و بەربۆتەوە و شکاوە.

هەردوو ئەگەرەکە ڕێی تێدەچێت. بەڵام بەپێی مۆدێلی دەروونی موسی ئۆکام. ئەگەری یەکەم چونکە سادەترە. زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە.

- بیرکردنەوەی پلە دوو – ئەم مۆدێلە دەروونییە بریتییە لە ڕەچاوکردنی دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی بڕیارێک یان کردارێک. بە کورتی و کوردی. پێت دەڵێت دووجار بیر بکەوە. بیرکردنەوەی یەکەمت دەربارەی هەر بارودۆخێک هەنووکەییە. بەڵام بیرکردنەوەی دووەم زیاتر ستراتیژی و دوورمەودایە.
- بنەمای پارێتۆ – ئەم مۆدێلە دەروونییە بریتییە لە گرنگیدان بە ٪٢٠ی پلان دانان. ٪٨٠ی ئەنجامەکان بەدەستدەهێنن. با بە نموونەیەک ڕوونتری بکەمەوە. دەمانەوێ خانوێک دروست بکەین. ئەگەر بێت و گرنگی زۆر ٪٨٠ بدەین بە دروستکردن و وەستا و شیش و چیمەنتۆ و هتد.. وە لە هەمان کات گرنگی کەم ٪٢٠ بدەین بە پلاندانان و نەخشە و ئەندازیاری. ئەوا خانویەکی فەشەل و خراپ بەرهەم دێنین. وە ئەگەر بێت و گرنگی ٪٨٠ بدەین بە نەخشە و پلاندانان و ئەندازیاری. و ٪٢٠ گرنگی بدەین بە وەستا و چیمەنتۆ و پرۆسەکانی دروستکردنی خانووەکە. ئەوا خانوویەکی سەرکەوتوو بەرهەم دێنین. ئەم بنەمایە زۆر بەسوودە لە هەموو بوارەکانی ژیان. هەمیشە مێشکی خۆت وا را بهێنە کە بەم شێوەیە بیر بکاتەوە.

ئەی چات جیپیتی چۆن سوودی هەیە لەو بوارەدا؟ پرسیار لە چات جیپیتی دەکەین. باشترین مۆدێلی دەروونی چییە لۆ کەسەک کە لە شاری هەولێر بژیت. تەمەنی ٢٥ ساڵ بیت. وە لە شوێنێکی ئەهلی کار بکات. رۆژانە ١٠ کاتژمێر. وە خێزاندار بێت و ٢ منداڵی هەبێت.

**وەڵامەکەی:**

یەکێک لە مۆدێلە دەروونییەکان کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کەسێک لەم دۆخەدا "هاوسەنگی کار و ژیانە". ئەم مۆدێلە دەروونییە جەخت لەسەر گرنگی هاوسەنگکردنی کارەکەت لەگەڵ بەرپرسیارێتی کەسی و خێزانی دەکاتەوە، لە پێناو پاراستنی باشی جەستەیی و دەروونی، و بەدەستهێنانی بەختەوەری درێژخایەن.

لێرەدا چەند ئامۆژگاریەکی پراکتیکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە دەروونییە بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی کە باست کردووە دەخەمە ڕوو:

- کاتەکانت بەپێی گرنگیەکان دابەش بکە: تۆ کە کارێکی زۆر زەحمەت دەکەیت و خێزانێکت هەیە کە دەبێت ئاگاداری بیت، ئەولەویەتێکی ڕوون بۆ هەر ڕۆژێک یان هەفتەیەک دابنێ، و بەپێی ئەو ئەولەویەتە کاتەکانت تەرخان بکە. گرنگترین ئەرکەکان دەستنیشان بکە و سەرەتا سەرنجت لەسەر ئەوانە بێت، بۆ ئەوەی هەست بە سترێس و فشار نەکەیت بەهۆی داواکارییە زۆر و ئاڵۆزەکانەوە.
- سنوور دروست بکە: سنوورێکی ڕوون لە نێوان کار و کاتە کەسییەکان دابنێ، و هەوڵبدە خۆت بەدوور بگرێت کە کارەکان بڕژێنە ناو ژیانی تایبەتی خۆتەوە. بۆ نموونە دوور بکەوەرەوە لە پشکنینی ئیمەیڵەکان یان وەرگرتنی پەیوەندییەکانی کار لە دەرەوەی کاتی کارکردن، مەگەر زۆر پێویست بێت. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیت بدات زیاتر هەست بە کۆنترۆڵکردنی کاتەکانت بکەیت و فشاری دەروونی کەم بکەیتەوە.
- پشوو بدە: تەنانەت ئەگەر کاتژمێرێکی زۆریش کار بکەیت، گرنگە بە درێژایی ڕۆژ پشوویەکی ڕێکوپێک وەربگریت. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیت بدات وزەت بارگاوی بکەیتەوە و سەرنجت لەسەر شتێک بێت. هەوڵبدە هەر یەک دوو کاتژمێر جارێک پشوویەکی کورت بدەیت، ئەم کاتەش بەکاربهێنە بۆ کشانی جەستە، پیاسەکردن، یان شتێک کە چێژت لێ وەربگریت.
- پەروەردەی پەیوەندییەکانتان بکەن: لەگەڵ سەرقاڵی کارکردن، دەکرێت ئاسان بێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتان پشتگوێ بخەن. هەوڵبدە پەیوەندیت لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانتدا هەبێت، تەنانەت ئەگەر تەنها پەیوەندییەکی تەلەفۆنی خێرا یان نامەیەکی کورتیش بێت. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیت بدات هەست بە پشتیوانی و پەیوەندی بکەیت، و هەستکردن بە گۆشەگیری یان فشار کەم بکاتەوە.

- مەشقکردنی چاودێریکردنی خۆت: لە کۆتاییدا، کاتێک بۆ چالاکییەکانی چاودێریکردنی خۆت دیاری بکە کە یارمەتیت دەدات هەست بە ئارامیی و گەنجبوونەوە بکەیت. ئەمەش لەوانەیە وەرزشکردن، مێدیتەیشن، خوێندنەوە، یان بەسەربردنی کات لە سروشتدا لەخۆبگرێت. گرنگیدان بە تەندروستی جەستەیی و دەروونی خۆت دەتوانێت یارمەتیت بدات لە شوێنی کارەکەتدا کاریگەرتر بیت و زیاتر لەگەڵ خێزانەکەتدا ئامادە بیت.

دەبینین چات جیپیتی لەگەر ئەوەی مۆدێلەکەی پێ گوتین. لە هەمان کاتدا ئەوەشی پێ گوتین کە چۆن جێبەجێی بکەین. چەند خاڵێکی دا پێمان زۆر بە ڕوونی و سادەیی کە چی بکەین. ئینجا تۆ لە هەر بارودۆخەکی بی. یان لە هەر شوێنەک بی. لە چات جیپیتی بپرسە باشترین مۆدێلی دەروونیت پێ بدات تاوەکو کاری لەسەر بکەی و خۆت بەرەوپێشەوە ببەی. کە لە ئەنجامی ئەوەشدا باشتر بژیت و زیاتر لە کێشە و ئاڵۆزیەکان دووربکەویتەوە. بێگومان ئەوەش ئامانجی هەموو کەسەکی زیرەک و تێگەشتییە.هەرچەند سەردەمی زیرەکی دەستکرد تازە لە سەرەتای گەشەی خێرای خۆی دایە. و ڕۆژانە کەرەستە و زیرەکی دەستکردی نوێ پەیدا دەبن و کاری شۆکهێنەر ئەنجام دەدەن. بەلآم لەم نامیلکە کورتە جێگەیان نابێتەوە باسیان بکەم. بۆیە هەر ئەوەندە وەک سەرەتایەک بۆ خوێنەری ئەم نامیلکەیە بەسە لە ئێستادا.




*ڕۆبۆتێکی خەیاڵی داهاتوو لەلایەن زیرەکی دەستکردی بلو ویلۆ*

https://shorturl.at/cdCTU

هیوادارم لەو نامیلکە کورتەدا کە یەکەمین نامیلکە و کتێبە لەبارەی زیرەکی دەستکرد بە زمانی کوردی. خزمەتێکی بچووکم بە خوێنەری کوردی و زانستخوازان و ئەوانەی لەدوو مەعریفەت و بەرەوپێشبردنی خوودی خۆیان تێدەکۆشن.

وە تێبینییەکی گچکەش لەبارەی شێوەزاری ئەو نامیلکەیە. هەوڵم دایە شێوەزارەکان تێکەڵ بکەم تاوەکوو زیاتر سەرنج و هزری خوێنەر راکێشمە ناو کتێبەکەوە. وە بەشێوازەکی سەربەخۆ و دوور لە هەر یاسا و رێسایەکی ئەدەبی نووسیومە، تەنانەت ئیمۆجیشم بەکارهێنایە، کە ئەوەش فۆڕمێکی نوێی نووسینی کتێبە بە زمانی کوردی.



*تەعبیری کتێب لەلایەن زیرەکی دەستکرد لە داهاتوودا، زیرەکی دەستکردی بلو ویلۆ*

https://shorturl.at/kBJU4